# موسا دەگاتە خودا!

دەرچوون ٣، ٤

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن پاشای میسر، فیرعەون گەلی ئیسرائیلی دەچەوساندەوە ، کە نەتەوەی ئیبراهیمن ، بەکردنیان بە کۆیلەی خۆی و بێ بەزییانە ئیشی پێیان دەکرد. بەڵام، هەروەها خوێندمانەوە کە، هەرچەندە زەلیلیان دەکردن ئەوەندە گەشەیان دەکرد و بەربڵاو دەبوون، جا لەبەر ئەوە نەوەی ئیسرائیل ترسیان لێنیشت. (دەرچوون ١: ١٢) لە کۆتاییدا، فیرعەون فەرمانێکی دەرکرد کە دەبێت هەموو کوڕێکی شیرەخۆری گەلی ئیسرائیل فڕێ بدرێتە ناو ڕووبارەوە بۆ ئەوەی بمرێ.

بەڵام خودا، ئەوەی زۆر بەهێزترە لە شەیتان، پلانی هەبوو کە خراپەکاری فیرعەون سەربەرەوژوور بکات. بۆیە، خوێندمانەوە چۆن کچی فیرعەون دالدەی کۆرپەیەکی گەلی ئیسرائیل دا کە لە سەبەتەیەکدا ناو ڕووبار دۆزیەوە. کچی فیرعەون زگی پێ سووتا و وەك منداڵی خۆی لە ئامێزی گرت، ناوی لێ نا موسا. بۆیە موسا لە ماڵی فیرعەون گەورە بوو — ئەوەی کە لەدوای لەناوبردنی گەلی ئیسرائیل بوو! خودا، بە دانایی خۆی، پلانی وابوو موسا بەکار بێنێ بۆ ئەوەی گەلی ئیسرائیل لە دەستی پاشا خراپەکارەکە ڕزگار بکات. کاتێ موسا بوو بە چل ساڵ، هەڵات لە دەستی فیرعەون کە ویستی بیکوژێ. بۆ ماوەی چل ساڵ موسا لە دەشت ژیا و ژنی هێنا و شوانی بۆ خەزوری کرد.

ئێستاش با بەردەوام بین لەگەڵ ئەم چیرۆکە تاکو بزانین چۆن خودا بۆ موسا بە دەرکەوت بۆ ئەوەی بۆ لای فیرعەون بینێرێ و پێشەوایی گەلی ئیسرائیل بکات بۆ دەرەوەی میسر. لە تەورات دەخوێنینەوە، لە بەشی سێیەمی سیپارەی دەرچوون. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٣) [١] موسا بوو بە شوانی مەڕەکانی (یەترۆ)ـی خەزووری، کە کاهینی میدیان بوو. جا مەڕەکانی بردە پشت دەشتودەرەکە تا گەیشتە کێوی خودا، (حۆرێڤ). [٢] جا فریشتەی خوداوەندی بۆ دەرکەوت لە گڕی ئاگرێک لەناو دەوەنێکدا. کە موسا تەماشای کرد بینی وا دەوەنەکە گڕی گرتووە، کەچی دەوەنەکە ناسووتێت. [٣] موسا وتی: (لا دەدەم و تەماشای ئەو دیمەنە مەزنە دەکەم. بۆ چی دەوەنەکە ناسووتێت؟)
[٤] کاتێک خوداوەند بینی کە موسا لای دا تا تەماشا بکات، خودا لەناو دەوەنکەوە بانگی کرد و فەرمووی: (موسا. موسا.) ئەویش وتی: (ئەوەتام.) [٥] فەرمووی: (نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆڵەکانت لە پێت دابکەنە،
چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە.) [٦] ئینجا فەرمووی: (من خودای باوکتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) موساش ڕووی خۆی داپۆشی، چونکە دەترسا تەماشای خودا بکات. [٧] خوداوەند فەرمووی: (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. [٨] ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکە بەسەریان بخەم بۆ خاکێکی باش و فراوان، بۆ خاکێک شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت، بۆ شوێنی کەنعانییەکان و حیسییەکان و ئەمورییەکان و پریزییەکان و حیڤییەکان و یەبوسییەکان. [٩] ئێستاش ئەوەتا هاواری نەوەی ئیسرائیل گەیشتە لام و هەروەها ئەو چاوسانەوەیەم بینی کە میسرییەکان تەنگیان پێهەڵچنیون. [١٠] ئێستاش بڕۆ و دەتنێرم بۆ لای فیرعەون و گەلەکەم نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنە دەرەوە.)
[١١] موساش بە خودای وت: (من کێم تا بچمە لای فیرعەون و تا نەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنمە دەرەوە؟) [١٢] ئەویش فەرمووی: (من لەگەڵت دەبم و ئەمەش دەبێتە نیشانە بۆت کە من تۆم ناردووە، کاتێک گەل لە میسرەوە دەردەکەیت، ئێوە لەسەر ئەم کێوە خودا دەپەرستن.) [١٣] موساش بە خودای وت: (ئەوەتا من دێمە لای نەوەی ئیسرائیل و پێیان دەڵێم خودای باوکانتان منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەگەر پێم بڵێن، ناوی چییە، بڵێم چی؟) [١٤] خوداش بە موسای فەرموو: (هەم ئەوەی کە هەم.) هەروەها فەرمووی: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، (هەم) منی بۆ ئێوە ناردووە.) [١٥] هەروەها خودا بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەمە ناومە تاهەتایە

دەتوانین بەلای کەم چوار شت فێربین دەربارەی خەسلەتی خودا لەوەی کە خودا بە موسای وت لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە لە چیای سینا.

یەکەم، فێری ئەوە دەبین کە خودا پیرۆزە! کاتێ موسا گڕی دەوەنە سووتاوەکەی بینی، سەری سوڕما و نزیك بووەوە تاکو بزانی چیە و گوێی لە دەنگی خودا بوو بانگی دەکات. موسا لە ترسا دەلەرزی، و نەیوێرا تەماشا بکات. باشە، بۆچی موسا دەترسا؟ لەبەر ئەوەی لە حزووری خودا ڕاوەستابوو، خودای پیرۆز! خودا پیرۆزی خۆی ئاشکرا کرد کاتێ بە موسای فەرموو: نزیکی ئێرە مەکەوە. سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە!

بەڕاستی، ئەو خودایەی کە بۆ موسا بەدەرکەوت لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە، خودایەکی پیرۆزە. خودا دەیەوێ هەموو کەس پیرۆزی ئەو بزانێ. سەبارەت بەو فریشتانەی لە حزووری خودا ڕاوەستاون، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: شەو و ڕۆژ بێ وەستان دەڵێن: (پیرۆزە، پیرۆزە، پیرۆزە، خودای پەروەردگاری هەرە بە توانا، ئەوەی هەیە و هەبووە و دێت!) (ئاشکراکردن ٤: ٨) فریشتەکان پیرۆزی خودا دەناسن. ئەی تۆش پیرۆزی خودا دەناسی؟

با بۆ ساتێك بیر بکەینەوە بزانین ئەمە مانای چیە. هەروەك تا ئێستا بینیمان لە وانەکانی پێشوودا، پیرۆزی خودا وای لێ کرد ئادەم و حەوا لە باخچەی بەهەشت دەربکات لەپاش ئەوەی گوناهیان کرد. پیرۆزی خودا وای لێ کرد قوربانی قابیل ڕەت بکاتەوە. هەروەها پیرۆزی خودا بوو کە وای لێ کرد خەڵکی کاتی نوح بسڕێتەوە بە لافاوێك. لە ماوەی پاش ئەوە، خودا زمانی جیهانی شێواند و خەڵکی بابلی پەرت و بڵاو کردەوە ئەوانەی هەوڵیان دەدا یاخی بن دژ بە خودا. لە کاتی ئیبراهیم، پیرۆزی خودا وای لێ کرد ئاگر ببارێنێتە سەر خەڵکی سەدوم، کە تامیان وەردەگرت لە خراپەکاری.

بەداخەوە، تاکو ئەمڕۆش خەڵکی ڕێز لە پیرۆزی خودا ناگرن. نازانن خودا کێیە. بێ گەردی تەواوی خودا نازانن. ئەم شتە دیارە لە شێوەی ئەنجام دانی گوناه لەلایەن خەڵکەوە و چۆن تام و تیژی لێ وەردەگرن. هەروەها دەبینین خەڵکی چۆن بێ گرنگی دەخەنە پاڵ پیرۆزی خوداوە. خەڵکی ئاین وەك سەعاتێکی دەست لەدەست دەکەن، بەڵام سەرنجی نووسراوە پیرۆزەکان نادەن بۆ ئەوەی لە ڕاستی خودا تێ بگەن. زۆر کەس ناوی خودا بەکار دێنن لە قسەی زارەکی. ناوی خودا بەکار دێنن کاتێ دەڵێن بسم الله یاخود إنشاءالله لە کاتێکدا کە ویستی خودا دوورترین شتە لە بیریان. تەماشای هەرەس هێنانی خەڵك دەکەین لە تێ گەیشتنی پیرۆزی خودا لە شێوەی هەوڵدانیان بۆ درووست کردنی ڕاستودرووستی خۆیان بەرامبەر خودا و ڕەتی دەکەنەوە ئەو ڕێگای ڕاستودرووستییە قەبوڵ بکەن کە خودا دایمەزراندووە. هەندێ کەس پێیان وایە کە دەتوانن خۆیان پاك بکەنەوە بەرامبەر خودا بە بەڕۆژی بوونی زۆر و نوێژی دووبارە، یاخود دەست نوێژ زۆر گرتن. بەڵام، وەك ئاشکرایە دەبینین لە نووسراوەکانی پێغەمبەران، ئەم کردارە دەرەکەییانە خودای پیرۆز ڕازی ناکات، ئەو خودایەی کەداوا دەکات هەموو کەس پاك بێتەوە لە ناوەوە. برادەرانی ئازیز، خودا پیرۆزە! بۆیە بە موسای فەرموو، سۆلەکانت لە پێت دابکەنە، چونکە ئەو شوێنەی تۆ لەسەری وەستاویت، خاکێکی پیرۆزە!

دووەمین، لەسەر بنەمای ئەوەی خودا بە موسای فەرموو لە ناو درەختە سووتاوەکەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە خودا نەك تەنها خودای پیرۆزە، بەڵکو دڵسۆزیشە! خودا یەکەم جار چی بە موسا فەرموو؟ فەرمووی، (من خودای باپیرانتم، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوبم.) (دەرچوون ٣: ٦) ئەم ووشانە دەبێت خۆشی بباتە ناو دڵی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە خودا نزیك ببنەوە و پەیوەندییان لەگەڵی هەبێ. خودای پیرۆز، ئەوەی کە پەیمانی لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەستا. خودا خودای دڵسۆزە، هەرگیز برادەرەکانی بە جێ ناهێڵێ یان خیانەتیان لێ ناکات! تەنانەت لەپاش سەدان ساڵدا، بەڵێنەکەی بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و نەوەکانیان لەیاد نەکردبوو.

ئەی دەربارەی تۆ، ئایا تۆش قەدری دڵسۆزی خودا دەگرێ؟ ئایا پەیوەندیت لەگەڵ ئەو خودایە نزیکە کە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب دوا؟ ئەمە پرسیارێکی گرنگە بۆ هەر کەسێ بیەوێ لەم ژیانەدا و لە ژیانی پاشتردا ئاشتی ڕاستەقینەی هەبێت. پرسیارەکەمان

ئەمە نیە: ئاینت هەیە؟ لەبەر ئەوەی شوێن کەوتنی ڕێنماییەکانی ئاین هەرگیز کەس ناکات بە ڕاستودرووست بەرامبەر خودا. پرسیارەکەمان ئەمەیە: ئایا پەیوەندییێکی باشت هەیە لەگەڵ خودا؟ ئایا باوەڕت بە پەیامی ڕێگای ڕزگاری هێناوە کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا دەزانی کە شوێن کەوتنی ئاینێك و پەیوەندی هەبوون لەگەڵ خودی خودا دوو شتی جیاوازە؟

ئەمڕۆ هەزاران و هەزاران ئاین هەیە لە جیهان. بۆ نموونە، شارەزایان دەڵێن کە تەنها لە وڵاتی بەرازیل، زیاتر لە چوار هەزار ئاین و ڕێباز هەیە! چوار هەزار ئاین! سەرسوڕهێنەرە! ئایا چوار هەزار خودا هەیە؟ یاخود چوار هەزار ڕێگا هەیە بۆ خودا؟ نەخێر! نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا یەکە و یەک نێوانگر لە نێوان خودا و مرۆڤ دایە. (١ تیمۆساوس ٢: ٥) باشە بۆچی ئەمڕۆ هەزاران ئاین و هەزاران ڕێبازی جیاواز لە جیهاندا هەیە؟ لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم بنەمای ڕاستییان پشت گوێ خست کە خودا لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب دایمەزراند. دەربارەی ئەو بەڵێنانە نازانن کە خودا بۆ ئیبراهیم و نەوەکانی دای سەبارەت بەو ڕزگارکەرە، ئەوەی دەبوایە بهاتبوایە جیهانەوە بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە سزا و هێزی گوناه. ووشەی نەگۆڕی خودای نازانن. خودای دڵسۆز ناناسن!

سێیەم، خودا خەسلەتێکی تری خۆی خستەڕوو کاتێ بۆ موسا بەدەرکەوت لەناو ئاگرەکەی گڕی گرتبوو لە دەوەنەکە. ئەم خەسلەتەش بەزەییە. خودا تەنها پیرۆزترین و دڵسۆزترین خودا نیە، بەڵکو بەبەزەیی ترینیشە. لەبەر ئەوە خودا سەبارەت بە گەلی ئیسرائیل بە موسای فەرموو، (بە ڕاستی من زەلیلی گەلی خۆمم بینی کە لە میسرە، هەروەها گوێم لە هاواریان بوو لەبەر سەرکارەکانیان، چونکە بە ئازارەکانیانم زانی. ئەوا دابەزیم تا فریایان بکەوم لە دەست میسرییەکان و لەو خاکە کە بەسەریان بخەم بۆ خاکێکی باش و فراوان...) (دەرچوون ٤: ٧، ٨)

بۆچی خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و بەرەوە خاکێکی باشیان ببات؟ ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی بەزەیی خودا بوون؟ ئایا لە گەلی تر باشتر بوون؟ نەخێر، باشتر نەبوون! باشە ئەی بۆچی خودا ویستی ڕزگاریان بکات و بەرەکەتداریان بکات؟ تەنها لەبەر دڵسۆزی و بەزەیی خۆی بوو. وەك نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خوداش گوێی لە ناڵەیان بوو، خودا پەیمانی خۆی بەبیر هاتەوە لەگەڵ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب. جا خودا ڕووانییە نەوەی ئیسرائیل و بایەخی پێدان. (دەرچوون ٢: ٢٤، ٢٥) بەڵێ، خودا دەڵسۆزترینە!

لە کۆتاییدا، لایەنێکی تری خودا هەیە کە دەتوانین ببینین لە چیرۆکی دەوەنە ئاگر گرتووەکە. گوێمان لێ بوو موسا لە خودای پرسی ناوی چیە. ئایا دەکرێ سرووشتی خودای تاهەتایی بە تاکە ووشەیەك وەسف بکرێت؟ ئەم خودایەی کە مەزن و پیرۆزە، دڵسۆز و بە بەزەییە، ئەم خودایەی کە مرۆڤ ناتوانێ بە چاوی ببینێ، ئەم خودایەی کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە، هەموو شتێك دەبینێ، هەموو شتێك دەزانێ، هەموو شتێکی پێ دەکرێ — ناوی چییە؟ هەندێ کەس پێیان وایە ناوی خودا تەنها (خودا)یە. بەڕاستی خودا خودایە. بەهەرحاڵ، خودا تەنها ناو نیە. خودا خودی خۆیەتی. بۆ نموونە من مرۆڤم، بەڵام ناوم مرۆڤ نیە. هەریەك لە ئێمە ناوێکی هەیە کە پێی دەناسرێین. ناوێ خودا چیە؟ وەڵامی خودا چی بوو بۆ موسا؟ با دووبارە بیخوێنینەوە. [١٤] خوداش بە موسای فەرموو: (هەم ئەوەی کە هەم.) هەروەها فەرمووی: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، (هەم) منی بۆ ئێوە ناردووە.) [١٥] هەروەها خودا بە موسای فەرموو: (ئاوا بە نەوەی ئیسرائیل دەڵێیت، خوداوەند، خودای باوکانتان، خودای ئیبراهیم و خودای ئیسحاق و خودای یاقوب منی بۆ ئێوە ناردووە. ئەمە ناومە تاهەتایە و ئەمەش دێتەوە یادتان نەوە دوای نەوە. (دەرچوون ٣: ١٤، ١٥)


ناوی خودا چیە کە وەسفی سرووشتی تاهەتایی ئەو دەکات؟ گوێت لە ناوەکە بوو؟ خوداوەند! (تاهەتایی) لە نووسراوە پیرۆزەکان، پێغەمبەران سەدان و سەدان ناو و ناونیشان دەدەنە پاڵ خوداوە، بەڵام ئەم ناوە، خوداوەند، لە هەمووان زیاتر بەکار دێت — زیاتر لە شەش هەزار و پێنج سەد جار. خودا خوداوەندە ، تاهەتاییە (منم) ئەوەی کە هەبووم و هەم و هەمیشە دەمێنمەوە! ئەو خودای تاهەتاییە! سەرەتای نیە. کۆتایی نیە. سنووری نیە. تاکی نیە. ئەو بوونی هەیە بە هێزی خۆی! دوێنێ و ئەمڕۆ چۆنە، هەروا

دەمینێتەوە تاهەتا. هەرگیز ناگۆڕێ. خوداوەندی تاهەتایی ناویەتی!

خوداوەند دەناسی؟ پیرۆزیەکەی دەناسی؟ ئایا خۆش حاڵی بە دڵسۆزی خودا (لە پەیوەندیەکان، لە پاراستنی پەیمانەکانی)؟ ئایا بەزەیی ئەوت پێ گەیشتووە؟ باوەڕت بە ووشەی هەیە؟ ئایا چوویە ناو پەیوەندییێکی نزیکەوە لەگەڵ خودای ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبەوە؟ ئەو پەروەردگارە دەناسی کە لەناو دەوەنە سووتاوەکەوە لەگەڵ موسا دوا؟

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەردەوامن لە سەرنج دانی ئەم ووشانەی خودا بە موسای فەرموو:

هەم ئەوەی کە هەم... من خوداوەندم!... ئەمە ناومە تاهەتایە! (دەرچوون ٣: ١٤، ١٥ و ٦: ٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی موسا دەترسا؟
٢. ئەی تۆ پیرۆزی خودا دەناسن؟
٣. خودا یەکەم جار چی بە موسا فەرمووی؟
٤. ئایا پەیوەندییێکی باشت هەیە لەگەڵ خودا؟
٥. ئایا باوەڕت بە پەیامی ڕێگای ڕزگاری هێناوە کە خودا دایمەزراندووە؟
٦. ئایا دەزانی کە شوێن کەوتنی ئاینێك و پەیوەندی هەبوون لەگەڵ خودی خودا دوو شتی جیاوازە؟
٧. بۆچی ئەمڕۆ هەزاران ئاین و هەزاران ڕێبازی جیاواز لە جیهاندا هەیە؟
٨. بۆچی خودا پلانی وابوو کە گەلی ئیسرائیل ئازاد بکات و بەرەوە خاکێکی باشیان ببات؟
٩. ئایا گەلی ئیسرائیل شایەنی بەزەیی خودا بوون؟
١٠. ئەی بۆچی خودا ویستی ڕزگاریان بکات و بەرەکەتداریان بکات؟
١١. ناوێ خودا چیە؟ وەڵامی خودا چی بوو بۆ موسا؟
١٢. ناوی خودا چیە کە وەسفی سرووشتی تاهەتایی ئەو دەکات؟ گوێت لە ناوەکە بوو؟

## ێگای ڕاست و دروستی:
## وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەلەی ڕێگای راستودروستی**

rrd2011@yahoo.com	www.rrdk.org